# ڕێبەری شەشەم ـ وانەی ٢٤

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) نامەی ٢ تیمۆساوس |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢ تیمۆساوس ٢ـ ٤ ).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچونەوەی ئەو زنجیرە ئایەتانەی لە ئینجیلی یۆحەناوە وەرگیراون |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن : بۆ دوایین پێنج ئایەتی لەبەرکردن لە ئینجیلی یۆحەنا.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ١٠: ١ـ ٤٢ |

**پێشەکی** : یۆحەنا ١٠: ١- ٣٩ وێنەی شوانی دڵسۆز ، وە بانگکردنی فەریسیەکان و قوتابیەکان لەلایەن عیسای مەسیحەوە تاکو باوەڕی پێ بهێنن کە ئەو کوڕی خودایە .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە .          وشەی خودا**
پێکەوە یۆحەنا ١٠: ١- ٤٢ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.          تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**یۆحەنا ١٠: ٢٦- ٢٩**

**<u>ئاشکراکردنی ١: دڵنیایی ڕزگاربوون .</u>**

**أ. دڵنیایی ڕزگاربوون پشت دەبەستێ بە بەڵێن و هێزی عیسا** .

عیسا لە یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨ لەبارەی مەڕەکانیەوە دەدوێ و دەفەرموێ : " مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون، ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت. " عیسا لێرەدا سێ بەڵێنی دڵنیایی دەدات سەبارەت بەوەی مەڕەکانی ئەو کامانەن :

* باوەڕدارانی ڕاستەقینە ژیانی هەتاهەتاییان دەبێت ، واتە ژیانی هاوشێوەی زەمەنی داهاتوو ، زەمەنی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ ! وە ئەم ژیانەش بەردەوامەو دەمێنێتەوە : هەرگیز کۆتایی نابێت و تاهەتاییە !

* ناکرێت باوەڕداری ڕاستەقینە هەڵبگەڕێتەوەو لەناو بچێت ، واتە نابێت بۆ هەتاهەتایی لە خوداو چاودێری خودایی جیابنەوە !

* کەس ناتوانێ باوەڕداری ڕاستەقینە لە دەستی عیسا بڕفێنێت ، واتە هیچ کەسێکی بەهێز نییە ئەوەندە توانای هەبێت بیانڕفێنێ لە ژێر سایەی پاراستن و چاودێری بەهێزی عیسا .

بەڵام باوەڕدارانی ڕاستەقینە کێن ؟ عیسا دەفەرموێ باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە عیسا دەیانناسێ ، وە ئەوان گوێیان لە دەنگی دەبێت ، وە دوای عیسا دەکەون ، نەك ئاینێکی دیکە یان فەلسەفەیەکی دیکە یان یاساو بەهای دیکە . دەبێت باوەڕدار گومان نەکات لە بەڵێنەکانی عیسا سەبارەت بە دڵنیایی ڕزگاربوون . بەڵام کەس ناتوانێ ئەو مافە بدات بە خۆی کە خۆی بە مەڕی مەسیح ناوببات ، واتە خۆی بە باوەڕدارێکی مەسیحی ناو بەرێت ، ئەگەر ئەو بەرپرسیارێتیەی پێی دراوە کە گوێگرتنە لە مەسیح و گوێڕایەڵ بوونیەتی لە ئەستۆی نەگرێت !

**ب. دڵنیایی ڕزگاربوون پشت بە ئەو ڕاستیە دەبەستێت کە خودای باوك ئێمە داوە بە عیسای مەسیح .**

لە یۆحەنا ١٠: ٢٦ ، عیسا بەو جولەکانەی باوەڕیان پێی نەهێناوە دەفەرموێ : " بەڵام ئێوە باوەڕ ناکەن، چونکە لە مەڕەکانم نین ." ئەم ئایەتە دوو ڕاستی زۆر گرنگ لە خۆدەگرێ لە کتێبی پیرۆزدا : یەکەم -

بیروباوەڕی دەستنیشانکردنی پێش وەخت یان هەڵبژاردنی خودایی ، وە دوەم - بیروباوەڕی بەرپرسیارێتی ئادەمیزاد . ئەم دوو بیروباوەڕە لەیەکتر دانابڕێن چونکە بە شێوەی هاوسەنگی دەڕۆن لە کتێبی پیرۆزدا.

لە ڕووی ئەوەی ، هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارێتی کەسێتی هەیە لەوەی باوەڕ بهێنێ یان نەهێنێ بە عیسای مەسیح . جولەکەکان بەرپرسیارن بە تەواوەتی لە گوناهەی باوەڕ نەهێنانیان . بۆیە عیسا فەرموی : " باوەڕ ناکەن " (یۆحەنا ١٠: ٢٦) . لێرەدا بەرپرسیارێتی ئادەمیزاد دەبینین ! کاتێ جاڕی موژدەی ئینجیل دەدەین ، ئەوا ئێمە بەرپرسیارێتی دەخەینە ئەستۆ و گەردنی هەموو مرۆڤەکانی جیهان . چونکە بەمە هەموو مرۆڤێك لە جیهاندا بەرپرسیار دەکەین لە تۆبە کردن و باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح ( مەرقۆس ١: ١٥ ) .

لە ڕووەکەی دیکەوە ، خودا ئەوانە هەڵدەبژێرێ کە دەیاندات بە عیسای مەسیح ، وە ئەوانەش کە نایاندات بە عیسا . عیسا فەرموی : " باوکم (مەڕەکانی) داوە بە من " (یۆحەنا ١٠: ٢٩). عیسا ئەم ڕاستیەمان هەروەها فێر دەکات لە یۆحەنا ٦: ٣٧ ، ٤٤، ٦٥ : " هەرکەسێك باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەریناکەم ... کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوك ڕاینەکێشێت، ئەوەی ناردوومی ... لەبەر ئەوە پێم گوتن، کەس ناتوانێ بێت بۆ لام، مەگەر باوك ڕێگەی پێدابێت ." ئەوانەی خودای باوك بە نیعمەتەکەی خۆی ڕایاندەکیشێ بەرهەڵستی عیسای مەسیح ناکەن ، تەنها ئەوانە باوەڕی پێ دەهێنن ! ئەمەیە دەستنیشانکردنی پێش وەخت و هەڵبژاردنی خودایی ! کاتێ ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز دەزانین ئەوا ئێمە ڕاستیەکانی هەڵبژاردنی خودایی دەزانین ئەمەش تەنها بۆ باوەڕدارانە لە کڵێسادا .

ڕاستی باوەڕم بە عیسای مەسیح و دواکەوتنی ئەو، جەختێکی مەزن دەکاتەوە لەوەی خودای باوك منی داوە بە عیسای مەسیح ! دەکرێ هەر باوەڕدارێك لە جیهاندا دڵنیا بێت لەوەی کە مەڕی نێو مێگەلی شوانی مەزنە ( یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨).

**یۆحەنا ١٠: ٣٠ – ٣٣**

**<u>ئاشکراکردنی ٢: ڕاستی ئەوەی عیسای مەسیح خودایە .</u>**

**أ. عیسا دەفەرموێ ئەو یەکە لەگەڵ خودا .**

عیسا لە یۆحەنا ١٠: ٣٠ دا دەفەرموێ : " من وباوك یەکین ." لێرەدا عیسا نادوێ سەبارەت بە ئەوەی لەسەر ئاستی دەرەکی لەگەڵ خودا یەکە ، واتە لەو کارانەی کە دەیکەن ، بەڵکو ئاماژە دەکات بۆ ڕاستی ئەوەی لە ناوەڕۆکدا و لە قوڵایی و ناخدا یەکن . لە فەرمایشتێکیدا دەفەرموێ : " من و باوك " دەدوێ لەبارەی دوو کەسەوە ، لەبارەی دوو ناوازەی ناوەڕۆك لە چوارچێوەی یەك ناخی خودایی ( بڕوانە مەتا ٢٨: ١٩ ، کە یەك ناو و سێ ناوازە یان ئوقنومی ناوەڕۆك لە نێو یەك ناخی خوداییدایە) وە لە فەرمایشتێکی دیکەیدا " یەك " ئاماژەیە بۆ یەك ناوەڕۆك یان یەك سروشت . لەگەڵ ئەوەی کتێبی پیرۆز وشەی "سیانە" بەکار ناهێنێت یان " خودای سێ ئوقنوم " ، ئاشکرایە ئەم بیروباوەڕەمان فێر دەکات کە خودا خۆی لە یەك ناوەڕۆك (جەوهەر) و ناخدا ڕاگەیاندوە ، بەڵام بە سێ کەسایەتی دەبینرێن – ئوقنومەکان دەکرێ لەیەکتر جیاواز بن . ئەم ئایەتە زۆر گرنگە چونکە لە ڕوویەکەوە ئەو بیروباوەڕە پوچەڵ دەکاتەوە کە تاقانەیی ناوەڕۆکی خودا ڕەتدەکاتەوە ، وە لە ڕوویەکی دیکەوە هەڵەی بیروباوەڕێك دەردەخات کە جۆرایەتی یان فرەیی ناخی خودا ڕەتدەکاتەوە ئەوەی لە سێ ئوقنومدا دەردەکەوێت .

**ب. تیگەیشتنی جولەکە لە وشەکانی عیسا بەوەی کە خۆی دەکات بە خودا.**

عیسا پێشتر فەرموی ئەو یەکسانە بە خودای باوك . لە یۆحەنا ٥: ١٧، ١٨ ، ٢٣ عیسا فەرموی کە ئەو یەکسانە لەگەڵ خودای باوك لە کارەکان و ناوەڕۆکدا ! وە لە یۆحەنا ٨: ٥٨- ٥٩ عیسا فەرموی : " پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایك ببێت، من هەم !" جولەکەکان ئەم وتەیان بە کوفر زانی ،

دەبینین بەردیان هەڵگرت تاکو سەنگ بارانی بکەن . وە لە یۆحەنا ١٠: ٣٣ جولەکەکان تێگەیشتن کە عیسا جەخت دەکاتەوە لە یەکسان بوونی ڕەهای لەگەڵ خودا ، ئەوەشیان هەر بە کوفر زانی .

بۆیە، عیسا هۆشداری دا بە جولەکەکان لە یۆحەنا ٨: ٢٤ و فەرموی : " لەناو گوناهەکانتان دەمرن، چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن کە من ئەوم، ئەوا لەناو گوناهەکانتان دەمرن !" تەنها باوەڕبوون بەوەی کە عیسای مەسیح پیاوێکی چاك بوە یان پێغەمبەر بووە بەس نیە . ئەگەر ئەو کەسە باوەڕ نەکات لەوەی عیسا هەرچیەکی لەبارەی خۆیەوە فەرموە ، بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە دەمرێ لە گوناهەکانیدا ! واتە دەچێتە نێو دۆزەخەوە ! گرنگە کە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبێت کە عیسای مەسیح بەتەواوی یەکسانە لەگەڵ خودای باوك .

**هەنگاوی ٣: پرسیار .           ڕونکردنەوە**

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٠: ١- 42 تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١٠: ١ـ ١٦**

**<u>پرسیاری ١ : وێنەی گوزراش لە شوانی دڵسۆز واتای چی یە؟</u>**

**تێبینیەکان** :

لە ئینجیلی یۆحەنا ، شوانی دڵسۆز ( یۆحەنا ١٠) وە مێو و لق (یۆحەنا ١٥) دوو وێنەی گوزراشن .

**أ. ژیانی شوانەکان لە ئیسرائیل .**

هەموو ئیسرائیلیەکان شارەزان لە ژیانی شوانەکان . لەو سەردەمەدا ، ڕەنگە لە هەر گوندێکدا پشتیرێکی گەورە هەبووبێت هەموو مێگەلەکانیان پێکەوە تیایدا پاراستوە . بۆ ئەم پشتیرەش پاسەوان هەبوە بە شەو پاسەوانی کردوە . وە لە بەرەبەیاندا ، شوانەکان هاتوون تاکو هەر یەکێکیان مەڕەکانی خۆیان بەرن بۆ لەوەڕگاو ئاودان . پاسەوان شوانەکانی دەناسی و دەرگای بۆ دەکردنەوە . وە هەر مێگەلێك شوانەکەی خۆی دەناسی ، بۆیە دوای شوانێکی دیکە نەدەکەوتن . بەڵام هەروەها شوانیش مەڕیکانی خۆی دەناسی – بەناو . شوان مەڕەکانی خۆی خۆش دەویست ئامادە بوو بەرگریان لێ بکات لە هێرشی گەلە گورگ و شێر و ورچ ، وەك چۆن داود دەیکرد .

**ب. ئەو وێنەیەی لە یۆحەنا ١٠: ١ـ ١٦ دا هاتوە وێنەیەکی گوزارشە.**

شێوەی ئاگادارکردنەوە لە نێو شێوەی ناڕاستەوخۆ ، زۆرجار شێوەکەی لەگەڵ شێوازی دەربڕینیدا ڕەنگە کتومت نەبن . بۆ نمونە وتەی نوسەری زەبور " خوداوەند شوانمە " (زەبور ٢٣: ١) ئەمە هاوشێوە کردنێکی ئاگادار کردنەوەیە ، بەڵام دەربڕینی هاوشێوەکردنەکە ئەگەرچی نەهاتوە بەڵام توانای هەیە ، کەواتە مەبەستی نوسەر ئەوەیە کە " خوداوەند وەکو شوانی منە". بەڵام وێنەی گوزارش ( allegory ) هاوشێوەی ئاگادارکردنەوەیە بە درێژەپێدانەوە . بۆ نمونە ، دەکرێ عیسا هاوشێوە بکرێ بە چەندین لایەن و شێوەی شوانی دڵسۆز . بەڵام لە وێنەی

گوزراشدا دەبێت هەوڵ نەدەین شرۆڤەی هەر یەك لەو هێماو شێوانە بکەین .

وە لە یۆحەنا ١٠ ، عیسا ڕاڤەی پێشکەش کردنی خۆی دەکات بە چەندین هێمای بەکارهاتوو لە وێنەی گوزراشدا . بۆ نمونە ، عیسا دەفەرموێ شوان ئاماژە بە خۆی دەکات وەک کەسایەتی خۆی . هەروەها ئاماژە بۆ دەرگای عیسا دەکات . هاوکات ئاماژە بۆ مەڕەکانی گەلی ئیسرائیل دەکات ( یۆحەنا ١٠: ١٦) . هەموو مەڕەکانی گەلی ئیسرائیل نا ، هەروەها هەموو خەڵی جیهانیش نا . چونکە مەڕیکان ئەوانەن کە مەسیح لە پێناویاندا مرد ، ئەوانەن کە چارەنوسیان ڕزگارییە ، ئەوانەن ژیانی تاهەتایی وەردەگرن ، ئەوانەن گوێیان لە دەنگی عیسای مەسیح دەبێت ، ئەوانەن دوای عیسای مەسیح دەکەون . وە ئاماژەش بە ( یەك مێگەل) بۆ هەموو کۆمەڵەی ڕزگاربوانە لە جیهاندا ( یۆحەنا ١٠: ١٦).

دەکرێ ڕاڤەی هەندێ هێما بکرێ ، وەکو دز و بە کرێگیراو ، لە چوارچێوە مێژوویەکەیدا . بەڵام هێمای دیکە هەن ، وەکو "دەرگاوان" (ئایەتی ٣) وە "گورگ" ، دەبێت ڕاڤەی نەکرێت ، چونکە نە عیساو نە چوارچێوەکە ڕاڤەی ئەم هێمایانە ناکەن . گرنگترین شت بیرۆکەی سەرەکی یە لە وێنەکەدا .

**ج. بیرۆکەی سەرەکی بۆ وێنەی گوزراش .**

بابەتی سەرەکی لە یۆحەنا ١٠ شوانی دڵسۆزە ، عیسا ، بە بەراورد لەگەڵ شوانی خراپەکار ، ئەوانەی وێنەن بۆ ڕابەرانی گەلی ئیسرائیل و مامۆستا ئایینیەکانیان .

عیسا شوانی ڕاستەقینەو تەواوەتیە . شوانی دڵسۆز چوە نێو پشتیرەکەی ئیسرائیل بەو شێوازەی خودا ڕایگەیاندوە لە پەیمانی کۆندا : لە ڕێگەی خێڵی یەهودا ، وە لە ڕێگەی ماڵی داود ، وە دایکی پاکیزە بوو ، وە لە بەیت لەحم لەدایکبوو .

خودا هەر باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بەناویان دەیانناسێت . ەهەروەها باوەڕدارانیش عیسا دەناسن کە شوانی دڵسۆزیانە ، وە تەنها دوای ئەو دەکەون . عیسا مێگەلەکەی بەڕیوە دەبات بە خۆشەویستی و نمونەیی ، واتە لەپێشیانەوە دەڕوات . بەڵام ڕابەرانی جولەکەو مامۆستاکانیان وەکو دزو جەردە . خۆیان لادا لە دەرگاکە ، ئەوەی عیسای مەسیحە ، ئەوان هەوڵیان دا دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر گەلی ئیسرائیلدا لە ڕێگەی چەند بنەماو شەریعەتێکی مرۆڤانە و لە ڕێگەی ڕیسوا کردنی خەڵکی و سوکایەتی پێکردنیان . ئەوان هەڕەشەی دەرکردنیان دەکردن ئەگەر هەموو ئەوانە نەکەن کە پێیان دەڵێن . ئەوانە گەلی ئیسرائیلیان بەڕێوە نەبرد بەڵکو بەهەڕەشە پەلکێشیان دەکردن .

عیسا هاوشێوەی شوانی دڵسۆزە ژیانی خۆی کردە قوربانی لە پێناوی باوەڕداران ، بەڵام ڕابەرانی جولەکەو مامۆستا ئاینیەکانیان ژیانی ڕۆحیی گەلیان گەندەڵ کرد .

عیسا شوانی ئەم مێگەلەیە ، واتە باوەڕدارانی ئیسرائیل ، هەروەها شوانی هەموو مێگەلەکانە لە هەموو جیهان . وە ئەو مەڕەکانی لەهەموو نەتەوەکاندا دەباتە دەرەوەی مێگەلی نیشتمانی تاکو هەموان پێکەوە بکات بە یەك مێگەلی نوێ کە هەموو جیهان بگرێتەوە ( یۆحەنا ١٠: ١٦) . باوەڕدارانی جولەکەو باوەڕدارانی نەتەوەکان دەبنە یەك کڵێسا – یەك شانشین !

**د. وانەکانی ئەم وێنەیە .**

ئەم وێنە گوزراشە فێرمان دەکات کە چوونە ژورەوە لە دەرگاکەوە (عیسای مەسیح ) بۆ ناو کۆمەڵی باوەڕداران ، چەند گرنگە . ئای چەند گرنگە ناسینی عیسای مەسیح بە شێوەی کەسێتی و خۆشەویستیانە ! ئای چەند گرنگە دواکەوتنی عیساو گوێرایەڵی وێنەکەی ! ئەگەر لە نزیکەوە دوای عیسا نەکەوین نامان پارێزێ لەوانەی دەیانەوێ خۆیان بسەپێنن بەسەرماندا . هەروەها ئەم وێنەیە فێرمان دەکات کە مێگەلی دیکەش هەن ( ئەو نەتەوانەی کلتوری تایبەتی خۆیان هەیە) لە جیهاندا ، بەڵام پێکەوە

لەیەك مێگەلدا كە هەموو باوەڕدارانی جیهان لە خۆ دەگرێت ، ئەویش كڵێسای مەسیحە یان شانشینی مەسیح . كتێبی پیرۆز بیرۆكەی تایەفەگەری ڕەتدەكاتەوە ( بڕوانە ١كۆرنسۆس ٣: ٣- ٤).

**یۆحەنا ١٠: ٧، ١٠**

**<u>پرسیاری ٢: بۆچی عیسا خۆی هاوشێوەكرد بە دەرگاو شوان ؟</u>**

**تێبینیەكان .**

هێمای دەرگاكە بۆ عیسا یارمەتیدەرە بۆ هێمای شوانی دڵسۆز ، چونكە كاتێ عیسا لە ئایەتی ٧ دا دەفەرموێ : " من دەرگای مەڕەكانم ،" ئەو دەفەرموێ تەنها لە ڕیگەی ئەوەوە خەڵكی دەتوانن بێنە ژورەوە بۆ نێو كۆمەڵی باوەڕداران بە شێوەی ڕاست و ڕەوا . بە سادەیی هیچ دەروازەیەكی دیكە نیە بەرەو كڵێسای مەسیح یان شانشینی خودا ! عیسای مەسیح دەرگاكەیە ئەوەی مەڕەكان دەگەیەنێت وە ئەو دەرگایەیە كە مەڕەكان پیایدا دەچنە ژورەوە . وە لە ئایەتی ٨ دا دەفەرموێ كە ئەو تاقە دەروازەی ڕەواو دروستە شوانەكان دەتوانن پیایدا بچنە ژورەوە بۆ نێو مەڕەكان . هەموو ئەوانەی هەوڵ دەدەن بچنە ژورەوە بۆ نێو مەڕەكان ئەگەر لە ڕێگەی عیساوە نەبێت ئەوا دزو جەردەن . عیسا لەئایەتی ٩دا دەفەرموێ كە ئەو سەبارەت بە مەڕەكان تەنها ڕێگایە كە دەتوانن ڕزگاری و دەسكەوتنی لەوەڕ بەدەست بهێنن .

**یۆحەنا ١٠: ٩- ١٠**

**<u>پرسیاری ٣ : عیسا مەبەستی چی یە كە دەفەرموێ ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت ؟</u>**

**تێبینیەكان .**

بەپێی یۆحەنا ٣: ١٦- ١٧ ، واتای ڕزگاری وەرگرتنی ژیانی هەتاهەتاییە . وە لە یۆحەنا ١٠: ٢٨ دەبینین مەڕەکانی عیسای مەسیح ژیانی هەتاهەتایی وەردەگرن ، ئیدی تاهەتایە لەناو ناچن ، وە کەسیش ناتوانێ لە دەستی بیانڕفێنێ . ئەوەی عیسا لە یۆحەنا ١٠: ٩ دا مەبەستیەتی کە چوونە ژوورەوەیە لە ڕێگای ئەوەوە تەنها "ئارامی و ئاسایش" نیە ، بەڵکو ڕزگاریە لە تاوانباری و هەست کردن بە شەرمەزاری و هێزی گوناهەی بەکۆیلەکردن و گەندەڵە ، وە ڕزگاریە هەروەها لە حوکمدانی تاهەتایی ئەوەی گوناهە شایەنیەتی . ئیدی ئەوان ژیانی هەتاهەتایی وەردەگرن ، ئەو کات لە ئارامی دا دەژین لە سایەی شوانایەتی عیسای مەسیح ، وە هیچ شتێك ناتوانێ ئازاریان بدات ، کەواتە چاودێری و پاراستنی ڕۆژانەی عیسا ئەزمون دەکەن ، وە بەرەکەتی مەزن و زۆروزەوەند لە لەوەڕگاو دەوڵەمەندیەکەیدا دەبیننەوە .

**یۆحەنا ١٠: ١١**

**<u>پرسیاری ٤: ئایا عیسا لە پێناوی هەموان مرد یان تەنها لە پێناوی مەڕەکانیدا ؟</u>**

**تێبینیەکان** .

عیسا لە یۆحەنا ١٠: ١١ دا دەفەرموێ : " منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی مەڕەکاندا ." ئەم وشانە واتای ئەوە نیە کە عیسا ژیانی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی هەموو ئەوانەی لە جیهاندان . کێن "مەڕەکان" ئەوانەی لە پێناویاندا ژیانی بەخت دەکات ؟ لە یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨ دەبینین کە مەڕەکان ئەوانەن گوێیان لە دەنگی عیسا دەبێت و دوای دەکەون . ئەوانە ژیانی هەتاهەتایی وەردەگرن ، ئەوانە لەناوناچن تاهەتایە ! ئیدی بەم شێوەیە ، مردنی کەفارەتمەندانەی عیسای مەسیح دیاریکراوە بۆ ئەوانەیە کە بە ڕاستی ڕزگاریان دەبێت. عیسا مرد لە پێناوی ئەوانەی کە بە ڕاستی ڕزگاریان دەبێت . بە هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤ ناتوانرێت ڕزگاری خودا ئەوەی لە ڕێگەی عیسای

مەسیحەوەیە پەکبخرێت . چونکە کاری ڕزگاریی عیسای کارێکی دەسەڵاتدارانە و سەروەرانە و کاریگەرە هەمیشە ، کەیش ناتوانێ پەکی بخات ( بڕوانە ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ ٩: ٦- ١٨ ؛ ١ سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٥) .

بۆ پوختەی ئەوانەی پێشوو ، دەڵێین : لەگەڵ ئەوەی مردنی کەفارەتمەندانەی مەسیح بەشی هەموو مرۆڤایەتی دەکات لەسەر زەوی ، بەڵام تەنها بۆ ئەوانەیە کە ڕزگاریان دەبێت . لەگەڵ ئەوەی دەبێت جاڕی موژدەی ئینجیل بدرێت بە هەموو خەڵکە زیندوەکان ، بەڵام هەموان بە باوەڕ هێنان وەڵام نادەنەوە . لەگەڵ ئەوەی خودا گەلەکەی کۆدەکاتەوەو ڕایاندەکێشێ لە هەموو نەتەوەکانی جیهان ، بەڵام هەموو خەڵکی جیهان ڕزگاری نابێت . فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز ناڵێت ڕزگاری گشتگیرە واتە بۆ هەموو خەڵکیە . ڕەنگە وەرگێڕانی ڤاندایك – بستانی دروست تر بێت بۆ نامەی تیتۆس ٢: ١١ کە دەقەکەی دەڵێ : " چونکە نیعمەتی خودا دەرکەوت کە ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵک دەکات " وەرگێڕانی بۆ کرد بۆ ئەم شێوەیە " نیعمەتی خودای ڕزگاری دەرکەوت بۆ هەموو خەڵك."

**یۆحەنا ١٠: ١٦**

**<u>پرسیاری ٥ : عیسا مەبەستی چی بوو لەوەی کە مەڕی دیکەی هەیە سەربە پشتیری دیکەن و دەیانهێنێ تاکو پێکەوە هەموان بکات بەیەك مێگەل ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

**أ. عیسا مەڕەکانی لە ئیسرائیل و نەتوەکانی دیکەدا کۆدەکاتەوەو پێکەوە دەیانکات بە کڵێسا یان شانشین .**

ئاشکرایە وێنەی گوزارشی شوان ، وە بە تایبەتی ئایەتی ١٦ ، کە " پشتیری مەڕەکان " ئاماژەیە بۆ نەتەوەی ئیسرائیل . وە عیسا مەڕی ئەم

پشتیره دەهێنێ و دەنکاتە نێو مێگەلەکەیەوە . لەماوەی سەردەمی پەیمانی کۆن ، خودا ڕێگەی دا بە نەتەوەکانی نا جولەکە کە بەپێی ڕێگاکەی ئەو بژین ( کردار ١٤: ١٦) ، وە لەماوەی یەکەمی خزمەتەکەی عیسا لەسەر زەوی ، عیسا هەوڵەکانی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردن لەنێو نەتەوەی ئیسرائیلدا ( مەتا ١٠: ٥- ٦) . بەڵام سەردەمێکی نوێ هاتە کایەوە ، چونکە عیسا مەڕی دیکەی هەیە لە نەتەوەی ئیسرائیل نین ، بەڵکو لە نەتەوەکانی دیکەن ، وە دەبێت بیانهێنێ و بیانکاتە نێو پشتیرەکەیەوە ( لە نەتەوەکان و کلتورەکانیانەوە ) بۆ نێو مێگەلەکەی (کڵێسا یان شانشین و کلتوری شانشین) .

ب. لەسەر بنەمای یەکسانی هەموو باوەڕدارانی مەسیح لە نەتەوەکانی جیهان لەگەڵ باوەڕدارانی مەسیح لە نەتەوەی جولەکە دێنە نێو شانشینی خوداوە .

پەیمانی کۆن پێشبینی کردوە کە خودا ڕزگاریەکەی ڕادەگەیەنێ بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان . خودا لە پەیدابوون ١٢: ٣ بەڵێن دەدات کە لەڕێگەی مەسیای چاوەڕوانکراوەوە هەموو خێڵەکانی زەوی بەرەکەتدار دەکات . وە لە یۆئیل ٢: ٢٨ بەڵێن دەدات کە ڕۆح خۆی دەڕژێنێ بەسەر هەموو ئادەمیزاد- لە هەموو گەلانی جیهان لەسەر زەوی . وە پێشبینی دەکات لە مەلاخی ١: ١١ کە ناوی مەزن دەبێت لەنێو هەموو گەلاندا .

بەڵام پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن وایان دەبینی کە نەتەوەکانی دیکە بە هاتنە نێو نەتەوەی ئیسرائیل ڕزگاریان دەبێت ( بڕوانە ئیشایا ٢: ٢- ٤ ؛ ٥٤: ٢- ٣ ؛ ٦٢: ١٠- ١٢ ؛ زەکەریا ٨: ٢٣) !

ئەم سێ فێرکردنەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن ڕاگەیەنران :

* فێرکردنی ئەوەی کە کاری ڕزگاری خودا تەنها لە چوارچێوەی گەلی ئیسرائیلدا قەتیس نەکراوە ، بەڵکو هەروەها پەل دەهاوێ و درێژ دەبێتەوە بۆ نەتەوەکانی نا جولەکە ( مەتا ٢٨: ١٩) .

* فێرکردنی ئەوەی کە گەلی خودا تەنها باوەڕدارانی گەلی ئیسرائیل نین ، بەڵکو کۆمەڵەی باوەڕدارانە لە هەموو نەتەوەکانی جیهان . گەلی خودا لە ئێستادا واتە کڵێسای مەسیح – شانشینی خودایە ( ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ) .

* فێرکردنی ئەوەی کە باوەڕدارانی نەتەوە ناجولەکەکان دەچنە نێو شانشینی خودا لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ باوەڕدارانی گەلی ئیسرائیل ( ئەفەسۆس ٣: ١- ٦) .

ئەم ڕاستیە ڕاگەیەنرا لەڕێگەی عیسای مەسیح و نێردراوانی پەیمانی نوێوە . وە لە ئەفەسۆس ١: ٩- ١٠ دەبینین کە خودا ڕایگەیاند هەموو ئەوانەی لە ئاسمان و سەر زەوین کۆیان دەکاتەوە لە ژێر یەک ناودا ئەویش عیسای مەسیحە . وە لە ئەفەسۆس ٣: ١- ٦ دەبینین کە خودا شتێکی ڕایگەیاند بۆ نێردراوان و پێغەمبەران هیچ کەسێکی دیکە نەیدەزانی لە پەیمانی کۆندا . لە ڕێگەی جاڕدانی موژدەی ئینجیلەوە خودا باوەڕدارانی نەتەوەکانی کرد بە میراتگر لەگەڵ ئیسرائیلدا وە کردنی بە ئەندامانی یەك لەش ، وە پێکەوە بەشداری دەکەن لە بەڵێنەکانی خودا لە مەسیحدا . خودا پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا کۆتایی پێ نەهێنا وە کڵێساش جێی ئیسرائیلی نەگرتەوە . بەڵکو خودا پلانی ڕزگاریەکەی بەردەوام بوو لەگەڵ باوەڕداراندا لە ئیسرائیل بەڵام لەسەر ئاستی ناو ( لەسەر بنەمای کاری ڕزگاری تەواوەتی شەریعەت و پێغەمبەران) ، وە ئاسانی کرد تاکو گشتگیر بێت بۆ هەموو باوەڕدارانی نەتەوەکانی جیهان .

تێبینی : لە یۆحەنا ١٠: ١٦ دەخوێنینەوە : " هەروەها مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەك مێگەل و یەك شوان ." عیسا ناڵێت مەڕەکانی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەهێنمە پشتیری مەڕیکانی ئیسرائیل ، بەڵکو بە ڕوونی فێرمان دەکات کە مەڕی پشتیری سروشتی دەهێنێ و وایان لێ دەکات ببنە یەك " مێگەل " ، ئەویش کڵێسای خوداو شانشینیەکەیەتی ! بەمەش ، سنوری سروشتی نێوان نەتەوەکانی جیهان و ئیسرائیل هیچ گرنگیەکی

نەما . ئەوەی گرنگ بێت شانشینی خودایە ( بڕوانە مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤) !

لقە سروشتیەکانی دار زەیتون ( باوەڕداران لە گەلی ئیسرائیل ) ، وە لقە سروشتیەکانی دار زەیتونی کێوی ( باوەڕداران لە نەتەوە ناجولەکەکان ) تێرو پاراو دەبن بە باوەڕ لەو ڕەگەدا کە وێنەیەکە بۆ عیسای مەسیح و گەلی پەیمانی نوێی ( ڕۆما ١١: ١٦- ٢٤).

**یۆحەنا ١٠: ٢٩**

**<u>پرسیاری ٦: وەرگێڕانی ڕاست کامەیە بۆ ئایەتی ٢٩ ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

وشەی " کە " لە زمانی ڕەسەنی یۆنانیدا بەکار ناهێنرێ . وە وشەی " مەزنترە " ئاماژەیە بۆ مێگەلێك کە بۆ خودا نیە . وە دەکرێ وەرگێڕانی ئەم ئایەتە ، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی دەستنوسە کۆنەکان ، ئەمە بێت : " ئەوەی خودا دەمداتێ مەزنترو بەرزترە (لە بەدیهێنراوانی دیکەی زەوی)، کەس ناتوانێ "مێگەل" بڕفێنێ لەدەستی باوك !" ئەوەی خودای باوك داویەتی بە عیسا ئەو مێگەلەیە کە پێکهاتووە لە باوەڕدارانی هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی . وە ئەو باوەڕدارانە گرنگترین بەدیهێنراوی خودان لەسەر زەوی . وە ئەو باوەڕدارانە پێکەوە یەك مێگەلن ، یەك کڵێسای مەسیح لە جیهان – شانشینی خودا لە جیهان .

| |
|---|
| **<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیرەوی بکە</u>.** **پەیڕەوکردن** |
| **بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟ |
| **بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٠: ١- ٤٢. |

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

## ١- نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا (١٠) .

١٠: ١ : ئاگاداری دز بە خۆیان نەکەن بەناو کڵێساکەتدا بە شێوازی نا کتێبی .

١٠: ٣ : عیسای مەسیح باش بناسە بە شێوەیەك کە دەنگی جیا بکەیتەوە لە دەنگی دزەکان .

١٠: ٩- ١٠ : ئەگەر لە دەرگاکەوە نەچویتە ژورەوە ، ەئوەی عیسای مەسیحە ، هەر ئێستا لە ڕێگەیەوە بچۆرە ژورەوە بۆئەوەی ڕزگاربیت تاهەتایە ، وە بە ئارامی زیندوو بیتەوە لە زەوی بەشێوەیەك هیچ شتێك ئازارت نەدات ، وە ژیانی ڕەزامەندی و ئامانجدار یاوەرت بێت .

١٠: ١٢ : جیاوازی بکە لە شوانی بەکرێگیراو. ئەوانە ئەو ڕابەر و مامۆستایانەن کە هیچ گرنگیەکی ڕاستەقینە نادەن بە مەڕەکان ، وە ژیانی خۆیان بەخت ناکەن لە پێناوی مەڕەکان .

١٠: ١٦ : وا لە کڵێساکەت بکە کڵێسایەکی نێردەیی بن لە سەرەتاوە و بەشێوەی بەردەوام ! شوانەکەمان عیسای مەسیح دەیەوێ ، لە هەموو نەتەوەو زمان و کلتورێکدا لە ناوچەکەت و هەموو جیهان خەڵکی ڕزگاری ببێت !

١٠: ٢٧ : ئەگەر مەڕی ڕاستەقینە بیت گوێت لە دەنگی عیسای مەسیح دەبێ و دوای دەکەویت .

۱۰: ۲۸ : هەرگیز گومان مەکە لە شوان ، عیسای مەسیح کە بەڵێنی پێت داوە ژیانی هەتاهەتاییت بداتێ ، وە لەناو نەچیت ، وە کەسیش نەتوانێ لەدەستی بترِفێنێ !

۱۰: ۲۹ : هەرگیز گومان مەکە لە شوان ، عیسای مەسیح ، کە جەختی کردۆتەوە مێگەلەکەی لە بەدیهێنراوانی دیکەی زەوی مەزنتر وبەرزترن ، وە کەسیش ناتوانێ لە دەستی خودای باوك بترِفێنێ !

۱۰: ۳۰ – ۳۹ : هەرگیز گومان مەکە لە عیسای مەسیح کە دەفەرمویَ ئەو و باوك یەك خودان ، وە ئەو خودایەو سروشتی مرۆڤانەی وەرگرتوە ، وە خودای باوك لە خودای کورِدایە ، وە خودای کورِ لە خودای باوکدایە. جولەکەکان بە رِوونی لە واتای ئەمە تێگەیشتن ، بۆیە تاوانباریان کرد بەوەی عیسا کوفری کردوەو هەوڵیان دا سەنگ بارانی بکەن تا مردن.

## ۲. نمونە لەسەر پەیرەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەویَ یۆحەنا ۱۰: ۲۸ لەبەر بکەم تاکو لەبیرم نەچێتەوە کە عیسا بەڵێنی دڵنیایی رِزگاربوونی بە من و هەموو باوەرِداران داوە . عیسا فەرموی : " ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانرِفێنێت . "

ب. دەمەویَ عەقڵم ملەچی ئەو رِاستیە بکەم کە عیسای مەسیح لە ناوەرِۆکدا و لە کارەکەیداو لە رِێزدا کە شایستەیە یەکسانە بە خودا. چونکە خودا مەزنترە لە هەر مرۆڤێك بە هەموو پێوەرێك ، هیچ مرۆڤێك ناتوانێ سروشتی خودا بزانێ . ئەوەی ئێمەی مرۆڤ دەتوانین ئەوەیە باوەرِ بکەین بە هەموو ئەوانەی خودا رِایگەیاندوە لە بارەی سروشتی خۆیەوە . خودا خۆی رِاگەیاند کە ئەو یەك ناوەرِۆکە لە سێ ئوقنومی ناوازەدا : خوادی

باوك و خودای كوڕ و خودای ڕۆحی پیرۆز . وه منیش باوەڕم هەیە كه دان بەمەدا بنێم له هەموو شوێنێك !

| **هەنگاوی ٥: نوێژ بكه** **هاتنەدەنگ** |
|---|
| به نۆره نوێژ دەكەین ، هەریەكێك سەبارەت به یەك ڕاستی كه خودا فێری كردین له ڕێگەی ئایەتەكانیەوه له یۆحەنا ١٠: ١- 42 . ( بەدەنگەوه هاتنت له نوێژەكەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت له وانەی ئەم كتێبەدا ). پرۆڤه بكەن لەسەر نوێژی كورت كه پێكهاتبێ له ڕستەیەك یان دوان . له یادت بێت ئەندامانی هەر كۆمەڵەیەك دەكرێ نوێژ بكەن سەبارەت به كاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داكۆكیكاری** |

**بەردەوام بن له نوێژ** له شێوەی كۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەكانتان بەرز بكەنەوه له پێناوی یەكتر و له پێناوی خەڵكی جیهان.

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەركی ماڵەوه** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری كۆمەڵەكه .** ئەركی داهاتوو بده به ئەندامانی كۆمەڵەكەت به شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكه له پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان به ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانه دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٠.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە لۆقا ١: ١-٤ : ٣٠ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .

٤- لەبەركردن : تێڕامان بكەو ئایەتی نوێی لەبەركردن جێهێشتن و پێكەوەنوسان : پەیدابوون ٢: ٢٤ لەبەر بكە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .

٥- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).

٦- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئامادەكاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .